عێراق ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بۆئامانجگرتنی پێگەی هاوڕێکان بەفڕۆکەی بێفڕۆکەوان هادگۆبێنێت

ئەمڕۆ هەینی، سەباح نوعمان وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان،بەیاننامەیەکی یەکلاکەرەوەی سەبارەت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە هێرشەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکان بڵاوکردەوە و ئەنجامدەرانیشی ئاشکراکرد و بڕیاری لێپرسینەوەیان لێکرد.

سەباح نوعمان، وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق ئەوارەی ئەمڕۆ هەینی لە هاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە، لەسەر بڕیاری هاسپاردەکانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بالا ئەفسەرانی بالا و پسپۆڕ لەخۆبگرێت بۆ بەدواداچون بۆ ئەو هوداوانەی کە ژمارەیەک شوێنی هاداری سەر بە هێزە چەکدارەکانی عێراقی کردە ئامانج، لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خێکوژ لە یەککاتدا، کە سیستەمی بڕگری لە چەند بنکەیەکی سەربازی لە ناوخۆی وڵاتدا کردە ئامانج، دوای هەوڵە ئەمنی و هەواڵگری و تەکنیکییە جۆراوجۆرەکان، لێکۆڵینەوەکان گەیشتنە ئەنجامی گرنگ و یەکلاکەرەوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، سەرچاوەی دروستکردنی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی لە هێرشەکاندا بەکارهێنراون دەستنیشانکرا، دەرکەوت سەری جەنگی بە کۆشی جیاواز لەخۆدەگرێت و لە دەرەوەی عێراق دروستکراون.

سەباح نوعمان دەڵێت، بەو وردی شوێنی هەڵدانی ئەو فڕۆکە بۆمبەکوانانە دەستنیشانکرا، کە سەلمێندرا لە شوێنکی دیاریکراو لە ناو خاکی عێراقەوە هەڵدراوە، هەروەها ئەو لایەنانەی کە بەشداربوون لە ئەنجامدان و هەماهەنگیکردنی ئەو ئۆپراسیۆنە دوژمنکارانە، دەزراونەتەوە.
ئەوەش خراوەتەڕوو، شیکارییەکی تەکنیکی گشتگیر بە سیستەمەکانی کۆنترۆڵ و پەیوەندییەکان کراوە کە لە کارپێکردنی فڕۆکە بۆمبەکوانکاندا بەکارهێنراون، ئاوەش وایکرد دەزگا هەواگرییەکان بتوانن زانیاری وردکەبکەنەوە کە پشتگیری لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەکەن.

لەو ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، لیژنەی لێکۆڵینەوە پشتڕاستی کردەوە کە هەمو ئەو فڕۆکە بۆمبەکوانە خۆکوژییانەی لە هەرشەکەدا بەکارهێنراون لە یەک جۆرن، ئاوەش ئاماژەیەکی ڕونە بۆ ئاوەی لایەنی ئەنجامدەر یەک لایەنە.
هەروەها هاتوە، لەسەر بنەمای ئاوەی پشکنینکراوە، سەرکردایەتیەی ئەمنی و سەربازییەکان ئەو دوپاتدەکەنەوە کە چاوپێپشی لە هیچ هەڕەشەیەک ناکەن ئاسایش و سەلامەتی هەڵە چەکدارەکانمان و تواناکانی دەوڵەتی عێراق بکاتە ئامانج، هەروەها کاری یاسایی بەرامبەر هەمو ئەو کەسانە دەگیرێتەبەر کە لەو کارە تاوانگلاون و تاوانی دەستاتی دادوەری عێراق دەکرێن بۆ ئاوەی بڕیاری یاسا بگرێن بۆ سزای خیان.

ڕونیشیکراوەتەوە، ئەو هەرشە دوژمنکارانە و ترسنکانە، بە پشتڵکاریەکی ئاشکرای سەروری نیشتیمانی دادەنرێت و ڕەگەز نادرێت هیچ لایەنکی ناوخێیی یا دەرەکی ئاسایش و سەقامگیری عێراق تێکبدات.